ڕاهێنانی یەکەم

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١- لێکۆڵەر کێیە؟

٢- گریمانە چییە؟

٣ - تیۆری چییە؟

٤ - بە چ شێوەیەک تیۆرییەک دۆکومێنت دەکرێت و دەسەلمێندرێت؟

٥ - میتۆدی زانستی سروشتییانە چییە؟

ڕاهێنانی دووهەم

چارلس داروین لێکۆڵەرێکی زۆر بەناوبانگ بوو . هەوڵ بدە لەبارەی چارلس داروینەوە زانیاری لە ئینتەرنێتدا بدۆزیتەوە. پاوەرپۆینتێک لە بارەی لێکۆڵینەوەکەی داروین و چۆنیەتی بەکارهێنانی میتۆدی زانستی سروشتییانە لەلایەن ئەوەوە ئامادە و پێشکەش بکە.

نموونە بۆ ئەو زانیارییانەی دەتوانیت لە پاوەرپۆینتەکەتدا ئامادەی بکەیت:

- لەبارەی چییەوە لێکۆڵینەوەی کرد؟
- پشکنینی لەسەر چی کرد؟
- خاوەنی چ گریمانەیەک بوو؟
- بە چ شێوەیەک دۆکومێنتی دۆزینەوەکەی کرد؟
- دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەی چی بوو؟
- تیۆرییەکەی داروین بە چی ناو دەبرێت؟